Dr.Saleh Ebrahimi



# هەجیج

خویندەوارانی بەریز، لیرەدا ئەمانەویٚ هەندیٚ لە ئاکارو، کارو، کردەوەو، هەستان و، دانیشتن و، خوو، باوی ناوٚمروفی گوندی «هەجیج» تان بوٚ بگیٚرینەوە، تا بزانن ئەم کوردە موسلمان و، رەسەنەچلون بەدریژایی میژو، فەرهەنگ و باوی ناوخوٚی پاراستوە، خەلکی ئاوایی «هەجیج» بیرەوەران و هوٚزانان لە کە وناراوە، هەمیشە تیٚکوٚشاون بوٚبەختەوەری بەرەی مروٚف چارەیەکی بناغەیی بدوٚزنەوە، چارەسەرکردنیٚکی واکە کوٚمەلەی کوٚمەلگای بەرەی مروٚف خوٚیی لەبەهشتی خودایی دابینیٚ.

نوینگەی نواندنی ئەم، بەهەشتە، جوٚریٚکی وابیٚ کەلەودا هەژاری برسیەتی جەنگ، درو، دەلەسە، دزی، خوٚین ریٚژی و دیل بون و خوٚگف کردن و خوٚقەف کردن و خوٚهەلساندن و بەگژ یەکیا چون و براوخویشک کوشتن و زیندە بەگوٚرکردنی تیانەبی.

مەزەهەری تەجەسسومی ئەم کوٚششە، شوینەواری بیٚدوا برانی، دوبیرە وەری مەزنە یەک ئەفلاتون لە یونانا، دوهەم فارابی یە، لەئیرانا، ئەولیان کتیٚبی جەمهوری یەتی توسیوەو، دوهەمیشیان.

«مەدیتەی فازیلە»ی بە وەرگرتن لە جەمهوری یەت، هیٚنا وەتەکایەوە، ئەم دوانە لە شوٚینەواری فەلسەفی خویانا «شار، یا واحیدە، کومەلایەتی یەکی واکەکەمالی مەتلوب بیٚ، نەخشەیان، بوٚکیٚشاوە، کە قانونگەلی، جاری، لەودا هەروەها، تەبەقە بەنی (: دەسەبانی) لیٚ پراسراوی گەلی، کوٚمەلایەتی و شیٚوەی حوکومەت و حوکم رە وایی، دانیشتوانی ئەوی بگەنە، ئەو، پەری، خوٚشی و بەختەوەری یەکی واکە هیواو داخوازی سەرەکی مروٚفە. بەلام هەمو ئەم ئاوات و کوٚششانە، کە لەدەم و کات و ساتیٚ لە قسەو تیٚئوری نەهاتونەتە، ناو پلەی کاروکردەوە، جەنگ و هیٚرش و دەس دریٚژی و زوٚر ویٚژی و دروٚ و دەلەسەوگزی و فزی کردن و چەپەلی و پیسی و بیٚ بەختی و ئاژاوەنانەوە و شەرو تالان و بروٚ، لە ناو بەرەی مروٚفدا پەرە، دەستیٚنیٚ و زیاد، ئەبیٚ، تارادەیەکی وەها هیوای بیرمەندان و بیراوەران و مەزنی و بەختەوەری، مروٚکەوتوٚتە نیٚو توٚف و توٚفان و

Dr.Saleh Ebrahimi



گێژەڵوکەی نائومێدی، بەڵام **سەرسام هێنەرەکە بزانین، لە نێوشاخ و خاک و نیشتمانی کوردەواری لاندکی** بێچوشێران، لە نێو خاکی پاکی هەورامان خەڵکێک، دەژین کە گوندی گچکەی ئەوان **نوێنگەی ئاوات وئارەزوی ئەفلاتون وفارابی یە**، بۆیە ک کۆمەڵی بەرزوتەرزی مروڤانی. لەم ئاوایە داگشت خێر و بێروپیت و بەرەکەت و شتگەلی باش و بەکەڵک، لە نێو خەڵکی گوندی هەجیج کەوێتە بەکە لە مەدینەی فازیلە ئەوشتەو ئەو مەبەستە بەتیکڕا هەیە. بێ ئەوەی خەڵکی ئەوێی، نەتانەت بەو جۆرەی وا ئەفلاتون ئاماژەی بۆکردبوو، بۆوێتە منالی شەل و نوقسان لە نێو بەرن، یا چین و توێژی کۆمەلایەتی، لەسەر قسەی بنەرەتی ئەو دامەزرێتن. باشە بێژین لە گوندی هەجیجدا. بەراستی، درۆ و دەلەسەو زمان لوسی و شەڕو قڕە و کەڵەک و کولەک، بەهیچ لەونێ ئاسەواری نابیندرێ، لە لایەکی ترەوە، ئەگەرچی سرنج راکیش دێتە بەرچاو، بەلام یەک راستی یە، تەمەدون و ژیاری ماشێنی بەو هەمووە، وزەو هێزەوە کە هەیەتی لە پشت دەروازەی چەپەرینی ئەم گوندە بێوێتە یەدا، ئەم نوێنگەی نوندانی جەمبوری یەتی ئەفلاتون و ئەم مەدینە فازیلە، چکۆڵە ئیدەئال و ئاواتی فارابی یە، لەجم و جوڵ کەوتووە.

خەڵکی گوندی هەجیج، میهرەبان و پاکدڵ و ئاشتیخوازو رەنج کێش و راست و ساغ و بە دروست کرداری دەژین. گوندی جوان و کوێستانی هەجیج لەبەشی رۆژاوای کوردستانی خۆشپە ویستایەو لەشاری سنە ناوەندی ئەم توستانە، تەنیا ١٥٠ کیلۆمیتر دورە. بەلام گوندی هەجیج لەباری دابەشی بونی ولاتی ئێرانەوە، سەر بە شاری رەنگینی (پاوە) یەوسێ سەد و چەن بنەماڵەی تێدا دەژی، بێشک خەڵکی هەجیج پاکترین خەڵکی ئەم دەورو زەمانە و لەچاکە و مروڤانی و دوستایەتی و خاکینەو خۆڵینەیی دا، بێ وێتەن، خەڵکی هەجیج و هەجیجی لەت و کوتیان بکەی درو بە زاریاندا نایێ.

دڵ و دەرونی ژن و پیاوی هەجیجی پڕوتەژی یە لە ئەشق و ئەوین بە یەکتر و بە مروڤانی، سەرنج راکێشە مروڤی هەجیجی لەژیانیدا ژنی خۆی تەلاق نادا و واژەی تەلاق نایێ بەدەمیدا، ژنی هەجیجیش قەت لە بیری ئەودا نیە لە مێردی خۆی دەس

Dr.Saleh Ebrahimi



هەڵبگرێ یا تەڵاقی لێوەربگرێ. ژن و پیاوی هەجیجی هەرلەو دەمەی وا ژیانی هاوبەش پێکەوە سازدەدەن، لەگشت باروبایە تێکەوە بیردەکەنەوە، بەڵام ئەوەی وا نابێ بە بیرومێشکیاندا بێ، لێک جیابونەوەیە. ـ جا هەر لێرەوەیە کە تائێستا کەس نەی بیستووە، ژن و شویەکی هەجیجی لێک جیابوبێتنەوەو ژنە هەجیجیەک تەڵاق درابێ. تەنیا مەرگ ئەوان لێک جیادەکاتەوەوبەس. هەجیجی کیژی خۆیان بەغەوارە نادەن و خۆیشیان لە بێگانەو لاوەکی ژن ناهێنن، جا هەر لەم سۆنگەوە یە، کە خەڵکی گوندی هەجیجی بەتیکرا خزمن و بێگانەو غەوارە لەو گوندە نابینی.

خەڵکی ئاوایی هەجیج جلک و بەرگی تایبەت بە خۆیان هەیە، جا هەر لەبەر ئەوە، بە هەرشوێنێکدا برۆن لە دورەوە دیارن و خەڵکی دەزانن، ئەوانە هەجیجین، پیاوانی هەجیجی جۆرە بەرگێکی تایبەت بە خویان لە بەر دەکەن، کە لە بابەت خویەوە، فرەسەرنج راکێش و جوان و لەبارە و لەدنیادا لنگەی بۆنییە. سەروپێچی پیاوی هەجیجی **خۆی ناسێنەری تەواوی مرۆڤی هەجیجە**. بەواتایێ‌تر، سەروکڵاوی هەجیجی هەروەکو ناسنامە ئەو وایە، پیاوی هەجیجی بی دەسەرە سەر و سەرپێچ و کڵاو ناگەڕێ، دەسرە سەری هەجیجی لە پارچەی دەزو، پەوێنەیەکی تایبەت ساز دەکرێ و بە دەوری سەریدا. دەپێچرێ، **لە راستیدا دەسماڵی دەوری سەری مرۆڤی هەجیجی، ناسنامە یا کارتی نەتەوەیی ئەوە**، وایە. هەر ژن و پیاوێکی هەجیجی کەلەگوند، دەر دەکەون و دەچنە هەندەران، بەو سەروپێچەوە، لە دورەوە لەکوردە واریدا، دەناسرینەوە و خەڵک دەزانن کە ئەوانە هەجیجین. بەراستی خەڵکی گوندی هەجیج فرە زەحمەت ئەکێشن و کارئەکەن و دەتروقێنەوە و شەش مانگ لە ساڵدا خەریکی سازکردن و چنینی گەلاش و گیوەو شاڵ و بەرەو جاجم و پلاس و یەک جورەچنینی پارچە یەک بىن، کە ناوی «موهیر»ە ـ وەلەشەش مانگەی‌تری ساڵا بۆفرۆتن و، گۆڕینەوەی ئەو دە سکردانەی خۆیان، لە ماڵ و لان و، گوند، ئە چنەدەری و، بەناو، ناوچەکانی‌تری، کوردستانی، خوشەویستا، خول، ئەخۆن و ئەگەرێن، بەڵام لەو ماوەی گەریانا نەیاندا هیچ دەم و کاتێ سواری ئەسپ و هێسترو، ماشین و شتی‌سواری ترنابن، وە لەو ماوەیەدا لە هەرشوێ

Dr.Saleh Ebrahimi



نێک شه‌ویان به‌سه‌ رادابێت، هه‌رله‌وشوێنه‌، ئه‌ که‌نه‌ رۆژ، بۆده‌وریش، له‌هه‌رکوێ، شه‌و، دابێت، ـ بۆخه‌و، وه‌خوا ردن،شه‌و، هه‌ر، له‌وێ ئه‌بێت.

هه‌جیجی له‌ کاتی شه‌و، داهانتا، له‌ په‌نای گاشه‌ به‌ردێ زل، که‌هێمان دنیا پیێ نه‌داوه‌، تل، له‌قه‌د پالێکا، یا له‌ژێرچادرێکا، که‌خوییێ هه‌ڵی ئه‌دا، وه‌ نه‌وزێک ئه‌داو ماندوی له‌ش و،گیانی ده‌ر ئه‌ کاو، پشویه‌ ک ئه‌داو، ئه‌حه‌سێته‌وه‌ هه‌جیجی له‌ته‌ ک، چه‌ که‌مه‌نیدا نامۆو، بیگانه‌یه‌، کاری به‌چک نه‌بوه‌و، نیشه‌، مرۆڤی هه‌جیجی تا ئێستا، له‌ناو، ده‌م‌و، ده‌سگای قه‌زایی و، جه‌زایی دا ـ «په‌روه‌نده‌ی» نه‌بووه‌ و، نیشه‌. ته‌نانه‌ت تا ئه‌م‌ده‌م‌و، کاته‌، یه‌ ک‌جا ریش له‌وگونده‌داگیره‌و، کیشه‌یه‌ ک، و، دمه‌ قره‌یه‌ ک، که‌له‌ودا خه‌ڵک بریندار بوبی روی نه‌داو، نه‌قه‌وماوه‌. پیاو، ژنی هه‌جیجی نه‌ته‌نیا له‌ ته‌ ک چه‌ که‌مه‌نی و، که‌ره‌سه‌ی جه‌نگا، بێگانه‌ و نامۆیه‌، به‌ڵکو رێ و ره‌سمی به‌ کارهێنانی هیج جۆره‌، ساز و ئاواز و موسیقایه‌ کیش نازانێ و شاره‌زایی، پێیان‌نیه‌. هه‌جیجی ساز و ئاواز و موسیقا به‌ کار هێنان به‌گو ناح و به‌ تاوان ده‌زانێ.

کار و ئاکاری هه‌جیجی ئه‌ونه‌ له‌ به‌رچاوی کار به‌ده‌سانی حوکومه‌تی، به‌ر له‌ جه‌نگی ئاوگه‌لانیدا جوان و په‌سه‌ند بووه‌، که‌ خه‌ڵکی ئاوایی هه‌جیج تا ناوه‌ راستی ساڵی ۱۳۴۸ی هه‌تاوی **له‌ سه‌رباز دان به‌ ده‌وڵه‌ت ته‌رخان‌کرابون و ته‌نانه‌ت له‌و بابه‌ته‌ وه‌ قاقه‌زیان بۆ مۆر کرابوو.** ئه‌شێ بێژین خوو ئاکاری چاک و مرۆڤانی خه‌ڵکی گوندی هه‌جیج، نه‌گۆڕاوه‌ و هه‌روا به‌چاکی و په‌سه‌ندی باوه‌و ماوه‌.


خه‌ڵکی گوندی هه‌جیج موسوڵمانن وبنه‌ره‌تی باوه‌ری تایبه‌تی ئه‌وان، که‌ گونده‌ که‌ی ئه‌وانی کردۆته‌ به‌هه‌شتی روی گوێ‌زه‌وی، له‌فێرکردن و بارهێنانێکه‌وه‌، سه‌ر چاوه‌ی گرتووه‌، که‌ به‌ سه‌دان ساڵ به‌رله‌ مرۆ، له‌م گونده‌دا باو بووه‌و پشت به‌ پشت تا ئه‌م سه‌رده‌مه‌ باوه‌ و پارێزراوه‌ و راگیردراوه‌، خه‌ڵکی گوندی هه‌جیج له‌ سه‌ته‌ی ماشێناوی خولی ئێمه‌یشدا خوو ئاکاری باش و به‌ رزوته‌رزی مرۆڤانی خۆیان، پاراستووه‌، گوندی هه‌جیج له‌ به‌ر ئه‌وه‌ی ته‌ق ته‌قان و زه‌رده‌لان و به‌رده‌لانه‌، بۆ کێلگه‌ ناشێ، جا ئه‌وه‌یه‌ هه‌ندێ له‌ بنه‌ ماڵه‌ی هه‌جیج، خه‌ریکی بزن و مه‌رو ماڵات دارین. زۆربه‌ی خه‌ڵکه‌ که‌،

Dr.Saleh Ebrahimi



پێی بژیوی ژیانی خۆیان له‌م لاو له‌ولای شوێنگه‌لی دیکه‌ی کوردستان دابین ده‌که‌ن، **هه‌جیج بۆچوا ماوه:** هه‌جیج بۆ وا ماوه‌و بۆچ وان و نه‌گۆڕ دراون؟ ده‌ڵێن: له به‌ر مدفه‌ڕکی و پیرۆزی کۆسه‌ی هه‌جیجه که مرۆیێ پاک و چاک بووه و له کورده‌واریدا سوێندی پیێ ده‌خۆن و ده‌ڵێن: به کۆسه‌ی هه‌جیج نه‌مبرده ناوت.


ده‌ڵێن: هه‌جیج به واتای شیوه‌ڵ و دۆڵی قووڵ و دور و درێژه (بڕواننه گۆڤاری گرشه‌ی کوردستان ژماره‌ی ۲ و ۳ خاکه‌لیوه و بانه‌مه‌ری ۱۳۶۰ هه‌تاوی و ۱۹۸۱ زو ۲۵۹۳ کوردی، که ژماره‌ی یه‌که‌می له ۱۹۸۱/۳/۱ ز ـ به نوسه‌ری و سه‌رده‌بیری د ـ محه‌مه‌د صالح ئیبراهیمی (شه‌پۆل) به وێنه‌ی مانگانه به زمانی شیرینی کوردی تا ۹ ژماره‌ی له تاران لێ چاپ کراوه‌و بلاو کراوه‌ته‌وه.



ئه‌مه مرۆڤی هه‌جیجی‌یه، که‌بزه‌ی سه‌رلێوی راستی‌و ئاشتی خوازی و دۆستی‌لێ ئه‌بارێ ئه‌م مێزه‌ره‌و فه‌ره‌نجییه‌ی به‌ری، تایبه‌تی خۆیه تی ئه‌م‌پیاوه‌له به‌رده‌س ته‌نگی‌و نه‌داری بۆما وه‌ی شه‌ش مانگ له‌ملاو له‌و لا خه‌ریکی کلاش چنین ئه‌بێ ـ ٦ مانگیش بۆفرۆتنی ده‌سکرده‌که‌ی خۆی، به‌پیا ده‌به‌نا و کوردستانا ئه‌گه‌ڕێ، تاکلاشه‌ده‌س دوزه‌کانی خۆی ئه‌فرۆشێ.

Dr.Saleh Ebrahimi





ئێره گوندی هه‌جیجه، مه‌دینه‌ی فازیله گچکه یه ک واله‌نا وچرو به‌رده‌لانی کوردستانایه

